The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# با یادی 26 ساڵەی تاوانی قارنێ بکەینە ڕۆژی ناڕەزایەتی گشتی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان و هاندەران

## 2سێپتەمبەر ڕۆژی جینۆساید کردنی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات

**جەماوەری گەلەکەمان**

**هێزە سیاسییەکان**

**ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و جەماوەرییەکان**

کۆماری ئیسلامی ئێران لە تەمەنی 26 ساڵەی نەگریسیدا, سەدان تاوانی بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجام داوە.سەدان هەزار لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمانی کوشت و بڕ کردووە .ناوی ئەو تاوانانەی کە بە نوێژی نیوەڕۆ ئەنجام دراون ,یاخود ئەو ئیعدامە بە کۆمەڵانەی لەسەر شاشەی تەلەفزوێن نیشان دران, یاخود وێنەیان گرترا ,کەم نین بۆ هەموان ئاشکرایە .بەڵام تاوانی قارنە لە پاڵ تاوانەکانی قەلاتان و ئێندرقاش و وسوکەند کە بە دوایدا هاتن, قەوارەی لە هەموویان گەورەترو بەشێوەی دلڕەقانە تر لە هەموو تاوانەکانی دیکە ئەنجام دران, قوربانیەکانیشی کەسانی ژن و منداڵ و کەسانی سڤێل بوون .

ئێمە بانگەوازتان دەکەین, با هەموو پێکەوە ڕۆژی کارەساتی قارنە کە 2 سێپتەمبەرە, بکەین بە ڕۆژی دژایەتیکردنی جینۆساید کردنی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات .ساڵانە لەو ڕۆژەدا یادی تەواوی تاوەنەکانی کۆماری ڕەشی ئیسلامی ئێران بەرامبەر گەلی کورد بکەینەوە. تا لەم ڕێگەیەوە تاوانەکانی ئەم دەسەڵاتە ڕەشە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بناسێنین, وا بکەین ئەم تاوانبارانەو سەرجەم تاوانبارانی کە نەتوانن بە ئارەزوی خۆیان گەلەکەمان قەسابی بکەن .

دەبا بۆ یادکردنەوەی ئەم ساڵی 2-9 ڕۆژی جینۆساید کردنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتوانە تواناکانمان یەکخەین بۆ ناساندنی تاوانەکانی ڕژێم بە بیرو ڕای جیهانی و ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە کۆمەڵ کوژییەکانی .یاد کردنەوەی لە ئاستی قەوارەی تاوانەکەو قوربانییەکانی گەلەکەمان بێت.

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی ئەم کارەساتە دەکەینەوە , کوردستان بووە بە مەڵبەندی ڕاپەڕین و دەیان قوربانی و سەدان بریندار و زیاتر لە 1000 زیندانی تەنها تاوانی ئەم چەند هەفتووەی گەلەکەمانە . هەروەها یەکێک لە جەلادانی گەلەکەمان ئەحمەدی نەژاد بووە بە سەرۆک کۆماری ئێران , دڕندەیی ئەو هەر بەوەندەوە نەوەستاوە وەک پاسدارێک ڕۆڵەی گەلەکەمانی لە سەدان تاوانی وەک قارنێ کۆمەڵکوژی کردووە , بگرە لەو دیو سنوریشەوە , نەخشی کێشاوە بۆ تیرۆرکردنی تێکۆشەران و نەیاران ,تاوانی شەهید کردنی د.عەبدوالڕەحمان قاسملو یەکێکە لەو تاوانانە . بۆیە

pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, if you can print from a windows application you can use pdfMachine.
Get yours now!

ئەرکمانە ئەمساڵ هەموو بەیەک دەنگ لە یادی کارەساتی قارنێ تواناکانمان یەک خەین بۆ بەدادگایی گەیاندنی بکەرانی ئەم تاوانانە و هەوڵدان بۆ دابین کردنی ناوچەیەکی داماڵراو لە زوبروزەنگ بۆ هاووڵاتیان لە کوردستان ,
پێویستە سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پای تاوانەکانی بدرێنە دادگا .

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆساید کردنی کورد –چاک( کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) 2005-8-21**

**www.chak.info**
**Chak_org@yahoo.com**

**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, if you can print from a windows application you can use pdfMachine.
Get yours now!